شیعرێکی بڵاونەکراوەی هەردی

# مەجلیسی موزەییەف

خوێنەری ئازیز!
رەنگە ئەم شیعرە نیوە ناچڵیش بێت، رەنگیشە هەردی لێرەدا بەمەبەست ئاگرەکەی بنبڕ کردبێت ـ کە دەڵێم ئاگرەکە ـ دیارە تا ئەو سەردەمانە، مەشخەڵەکە هەر بەدەست شاعیرانی دەڤەری بابانەوە بووە. هەر ئەمانەش بوون بە خەڵک و خواو بە رژێمە داگیرکەرەکانیان وتووە (ئازادی، نان، یەکسانی) بۆ نەتەوەیەکی بندەستی سەرکوتکراوی وەک نەتەوەی کورد.
بۆیە ئەم شیعرە ئێستاش بۆکروزی سوتماکەکەی ئەو سەردەمەی لێدێ

**د. هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران**



**ئەحمەد هەردی**

بەپێی رووتی بەسەر عەردا
بەسەر دڕکی خەمو... دەردا
لەژێر زەبری شەقو دارو.... سزای پێوەندی نامەردا
لەژێر نوکی رمو لۆمەو جنێوی میری بێدینا
بە برسێتی... بە... بەرقرچەی هەتاوی سووری هاوینا
منالی زەردو لاوازت... بەبێ نازی بەسەر ئەرزا
کە دانی... چۆقە چۆقێتی...لە دوو توێی پێخەفی لەرزا
بەیانی تاکو خۆرئاوا لە ئاودانی زەمینا بێت
لەژێر بارو سزای جووت و بژارو گوڵ بڕینا بێت
هەموو ئەو وەردە وشکانەی کە بێ نازی دەسی گەرمان
بە رەنجی شانی تۆ پڕ بێت... لە ئەنواعی خەڵەو خەرمان
کەچی میللەت لە برسانا... لەگەڵ کسپەو کزەی جەرگا
منالی گیانەڵاوی بێت... لە دوو توێی پێخەفی مەرگا
دە سەرەرای ئەم حاڵەش لەژێر زەبری... شەقو لیسا
لەژێر ئەحکامی عورفیدا.. لەژێر پۆستاڵی پۆلیسا
لە چەند میرێکو...ئاغایە... کە ژینیان پڕ لە ئاهەنگە
کە ورگی... تێرو پڕبوویان.. لەسەر برسێتی تۆبەنگە
لە خۆشی چاوی ئەوانا... لەمانە مەجلیسێک دانێن
کە هەر پیلانێکی... دانێن... ئەمان... مۆرێکی بۆ پیانێن

ا. هەردی ـ ١٩٤٨

تێبینی:
کێشی ئەم شیعرە لە دوو جێگادا لەنگەو ئێمە دڵنیاین کە لە ئەسڵدا بەو جۆرە نییە، چونکە هەردی جگە لەوەی لە شیعرەکانیدا هیچ لەنگییەک نییە، لەرووی تیۆرییشەوە یەکێک لە عەرووزناسە باشەکان بووە. ئێمە لێرەدا بەو جۆرەی کە بەدەستمان گەیشتووە، بڵاوی دەکەینەوەو هیوادارین دواتر راستییەکەی بزانرێتو چاکبکرێتەوە. هەڵەکانیش ئەمانەن:
یەکەم: دەسەر رای....کێشەکە لێرەدا لەنگ دەبێت.
دووەم: لەخۆشی چاوی ئەوانا.... لێرەشدا دیسان لەنگە.

**پەیک**



# سەر زەمین

**بەرزان هەستیار**

هەموومان لێرەوە تێ ئەپەڕین
بۆ کوێستانە شینەکانی میهرەبانیی،...
یان دەشتە خنکاوەکانی سپڵەیی
ئەنگۆ پێیتان سەیر نییە
قافڵەکان، بە هەر کوڵو بارێکەوە بن ...
لە مەنزڵێکەوە رێ ئەکەونو
بۆ پشوودانیش پێکەوە لا ئەدەنە
یەک کاروان سەرا؟
ئێوە ناپرسن
گوڵزارو خارو خەس ...
لەژێر ساباتی چ وادەو پەیمانێکدا
پێکەوە رەگی خۆیان سپاردووەتە خاک!؟
لێرەوە رەت ئەبین
لێرەوە دەست بە گێڕانەوەی
حیکایەتەکانمان ئەکەینو
کورە ئازاکانیش
دەرفەتێکی تر نادۆزنەوە بۆ زۆرانبازیی..
گۆشەیەکی دوور ، بۆ بمرن، ئێرە نەبێت؛
دەریا لێرەوە ئەرژێت،
ئاگر لێرەوە هەڵ ئەبێت،
کێو لێرەیەو
کەندەڵانیش،
سارا لێرەیەو
بێشەڵانیش،
ئێمە لێرەینو
ئەوانیش؛.
کێو ئەرووخێو
خاپوور ئەبێت کەندەڵانیش،
ئەسوتێت ساراو
عوریان ئەبێت بێشەڵانیش،
ئەمرین لێرەو
لە دوومان دێن، ئەوانیش،
هەر لێرەوە تێ ئەپەڕین، لێرەوە
بەسەر سینە نەرمو شلەکەی بەفرەوە،
لەسەر هەرێزە پێ پەستەکان،
لە بان شەقامە تەڕەکانی ئێواران
هەموومان شوێن پێ سەیرەکانمان جێ دێڵینو
بەڵام لە خالێکدا هەر پێک ئەچین
لە گۆشەیەکدا ، دڕندەیی گشتمان ئەنێتەوە....
ژێر باڵە پانو پۆڕەکانی خۆی!
بەرەو کوێندەر خۆگورج ئەکەینەوە بۆ هەڵهاتن؟
لە هەرکوێ بین،
قەڵغانی شکاو....
بەرگەی ئەو تیرانە ناگرێت...
کە لە خۆپەرستیدا، بە خێرایی تیشک...
لە کەوانەکانمانەوە دەرئەچن؛
ئەو غەدرانەی لێکدی ئەکەین...
رەنگە خودای سەراسیمە کردبێت
بۆیە دەستی ناچێتە هیچ کارێکو
پڕ کێشیی ئەوە ناکات...
پێغەمبەرێکی تر بنێرێتە نێو ئەم
وەحشستانەی ئێمە،
هەر لە ئەڤینداره دڵ بلووریەکانەوە
تا ئەگاتە خوێن رێژە رەزا تاڵەکان
گالیسکەکانیان بێرەدا رێ ئەکەنو
هەر لێرەش ، دەنگی پێی ئەسپەکانیان
خامۆش ئەبێت؛
ئەنگۆ لاتان سەیر نییە،
بەڵام من، وەک پاسارییەکی دیل
هێندە خۆم کێشاوە بە قەفەزی پرسیاردا
پەڕ بە گیانمەوە نەماوە!!

**کۆڵن/ ئەیلولو تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧**
bhastiar@yahoo.de